

هزر

# لۆجیکی ئارگیومەنتی فەلسەفی

د. سامالْ مانیی

ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە
jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

ناکرێت باسی هیچ بکرێت لە فەلسەفەدا گەر خوێندکار یا خوێنەر یان بیسەر/گوێگر ئاشنا نەبێت بەوەی ئارگیومەنت چییە و لە پێکهاتەکانی ئارگیومەنت تێ نەگات. ناکرێت هیچ کۆرس و خوێندنێکی فەلسەفە پێک بهێنرێت بەبێ ئەوەی لە سەرەتاکەیدا باس لەوە نەکرێت کە مەبەست لە ئارگیومەنت چییە، چۆن ئارگیومەنت پێک دەهێنرێت، لەبەر ئەوەی فەلسەفە بەبێ ئارگیومەنت ناکرێت، هەموو بیرکردنەوە فەلسەفییەکان ئارگیومەنتن .
زانینی چۆنێتیی پێکهێنانی ئارگیومەنت گرنگە بۆ هەموان، نەک تەنها بۆ فەیلەسوف و خوێندکارانی فەلسەفە، لەبەر ئەوەی هەم دەتوانیت ئارگیومەنتی باش و بە مانا و سەرەنجام ڕاست و سەرکەوتوو پێک بهێنیت، چ لە قسەکردندا بێت یان لە نووسیندا. هەم بۆ ئەوەی بتوانیت ئارگیومەنتی ئەوەی بەرامبەر یا ڕەکابەر لە دیبەیتدا هەڵبسەنگێنیت، ئارگیومەنتی باش لە ئارگیومەنتی خراپ جیا بکەیتەوە و بەدوای هەموو ئەو قسانە نەکەویت کە بۆت دەکرێن لە ڕێی هێز و دەسەڵات و میدیا و سیاسەتەوە وەکوو ڕاستی وێنا دەکرێن و دەسەپێنرێن، هەروەها لەبەر دەرکەوتوویی و ناسراوی و کەسایەتیی بێژەرەکە یان لەبەر لێهاتوویی و شارەزایی نووسەرەکە وەک ڕاستی وەردەگیرێن و پەسەند دەکرێن .
'ئارگیومەنت' لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتووە، بەڵام ڕیشەی تێرمەکە لە زمانی لاتینی و لە زمانە کۆنەکەی فەڕەنسی دایە. دەمەوێت ئەوە ڕوون بێت کە ئارگیومەنت مانایەکی تایبەتی هەیە لە زمانی فەلسەفەدا، بۆ نموونە : گەر سەرنج بدەین لە زمانی ئینگلیزیدا 'ئارگیومەنت' لە فەلسەفەدا وەک تێرمینۆلۆجییەکی فەلسەفی بە کار دەهێنرێت، نەک وەک تێرمینۆلۆجیی گشتی و شەقامی لە زمانی گشتی و شەقامی ئینگلیزیدا. لە زمانی گشتی و شەقامدا 'ئارگیومەنت' واتە دەمەقاڵێ و دەنگەدەنگکردن و بەرپەرچدانەوەی یەکتر و زۆر جاریش بە شەڕکردن و تەنانەت لێدانیش دەوترێت ئارگیومەنت، بەڵام بە مانا فەلسەفییەکەی و لە زمانی ڕاڤەکراوی تایبەت بە فەلسەفەدا کە لە هەناوی زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانەدا هەن کە لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دەوڵەمەندن، مەبەست و بەکارهێنانی هەمان تێرمینۆلۆجی 'ئارگیومەنت'، مانای فۆرم و ڕیزبەندییەکی لۆجیکییە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لێی.
لە فۆرمە لۆجیکییەکەیەوە دەتوانم 'ئارگیومەنت' لەم خاڵانە ڕوون بکەمەوە و دەری بخەم پێکهاتەی ئارگیومەنت چییە، پاش ڕوونکردنەوەی فۆرمە لۆجیکییەکەی، ئیتر ئارگیومەنت هەرچەندە دوورودرێژیش بێت هەر لەم فۆرمەدایە، تەنها لە بری ڕستە دەکرێت پەرەگرافێک بێت یان چەند لاپەڕەیەک، یان کتێبێکی چەند سەد پەڕەیی.

ئەمە فۆرمە لۆجیکییەکەی ئارگیومەنتە:

– ڕیزبەندییەکە لە چەند ڕستەیەک پێک هاتووە، واتە لە فۆرمە لۆجیکییەکەیدا ڕیزبەندیی نێوان چەند ڕستەیەکە، بێگومان پێویستە بە لای کەمەوە لە ڕستەیەک زیاتر بێت.

– ڕســـتەیەک لەو ڕســـتە ڕیزبەندییانە ســـەرەنجامی ئارگیومەنتەکەیە و پێی دەوترێت ڕستەی سەرەنجام.

– ڕســـتەیەک یا چەند ڕســـتەیەک بنەمای ئارگیومەنتەکە پێک دەهێنن، بەمانە دەوترێت ڕستە بنەماییەکان یان بنەماکانی ئارگیومەنت.

– ئەو ڕســـتەیەی کە ســـەرەنجامی ئارگیومەنتەکەیە، وەکوو 'ڕاســـتی' ســـەیر دەکرێت و وەردەگیرێت.

– ئەو ڕستانەی کە بنەمای ئارگیومەنتەکەن، 'هۆ'ن بۆ گەیشتن بە سەرەنجامەکە، دەبێت هۆ بن بۆ بڕوابوون بە ســـەرەنجامی ئارگیومەنتەکە. واتە ســـەرەنجامی ئارگیومەنتەکەی لێوە هەڵهێنجرابێت.

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە کە چی ئارگیومەنتە، باشـــترە باس لەوە بکەم کە چی ئارگیومەنت نییە. هەندێک ڕیزبەندی هەن کە ئارگیومەنت نین، ئەگەرچی هەندێک لەو خاڵانەشـــیان تیادا بێت کە وەک مەرج باســـم کردوون. ئەمە یانی، گەرچی ئارگیومەنت ڕیزبەندیی ڕستەکانە، بەڵام بۆ نموونە؛ دوو جۆر لە ڕیزبەندیی ڕستە هەن کە ئارگیومەنت نین:

یەکەم: ئەو جۆرە ڕستە ڕیزبەندییانەی کە ڕستەکانی پەیوەندییان بە یەکترەوە نییە.

دووەم: ئەو ڕســـتانەی کە ڕیزبەند دەکرێن و پەیوەندن بە یەکەوە، بەڵام پەیوەندییەکەیان لە شێوە و فۆرمی ئارگیومەنتدا نییە.

جۆرێکی تر لە ڕستە هەن کە لێرەدا گرنگن، ئەو جۆرە ڕستانەی کە 'بڕیارن'، نەک هۆ یان سەرەنجام. ئەو ڕستانە 'ڕستە بڕیارییەکان'ن، واتە بڕیارن و لەسەر باوەڕ دروست دەبن و باوەڕێک دەردەبڕن. باوەڕ  قابیلی ئەوەیە یان ڕاســـت بێت یان هەڵە، بەڵام ئارگیومەنت خۆی لەوە دەپارێزێت ڕاســـت و هەڵە بێت، ئارگیومەنت یان باشـــە یان خراپ. ئەمە یانی

ئارگیومەنتی باش هەیە و ئارگیومەنتی خراپ، نەک ئارگیومەنتی ڕاست و ئارگیومەنتی هەڵە.

لە ئارگیومەنتدا؛ ئارگیومەنتی باش هەیە و ئارگیومەنتی خراپ، ئارگیومەنتی بەهێز هەیە و ئارگیومەنتی لاواز .ئەوە سەرەنجامی ئارگیومەنتە کە ڕاستە یان هەڵەیە، هەروەهاش بنەمای ئارگیومەنتەکە دەکرێت یان ڕاست بن یان هەڵە، بەڵام کۆی ئارگیومەنتەکە بریتی نییە لە ئارگیومەنتی ڕاست و ئارگیومەنتی هەڵە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئارگیومەنت فۆرمێکە لە دەربڕین کە لە چەند بنەما و سەرەنجامێک پێک هاتووە، بنەما و سەرەنجامەکەن کە ڕاست و هەڵەیان تیادایە.

فۆرم و ناواخن یا ناوەڕۆک لەوەدا یەک دەگرێتەوە و جیا نابێتەوە، کاتێک کە ناکرێت لە فۆرمدا ئارگیومەنتێک بە ئارگیومەنتی باش پەسەند بکرێت، بەڵام پێکهاتەی ناوەڕۆکەکەی، کە سەرەنجام و بنەماکانن، هەڵە و ناڕاست بن. 'باش' بوونی ئارگیومەنت لێرەدا بەپێی هەندێک مەرجی لۆجیکی دیاری دەکرێت، نەک بە مەزەنەی عەقڵ یا لەبەر ئەوەی بەلاتەوە پەسەند بێ. ناوەڕۆک و ناواخنی فۆرمی ئارگیومەنت گرنگە و تەنها لە مەسەلەی ڕاست بوون و هەڵە بووندا جیاوازە، وەکووتر جیا ناکرێتەوە، بۆ نموونە :گەر ئەو ڕستانەی کە بنەمای ئارگیومەنتەکە پێک دەهێنن، ڕاست بن، ئارگیومەنت دەتوانێت لە خۆیدا ڕاستی هەڵبگرێت یا ڕابگرێت، هەروەها گەر بنەماکان و سەرەنجامی ئارگیومەنتەکەش هەموویان ڕاست بن، ئەوا ئارگیومەنتەکە ئارگیومەنتێکی باشە و بنەما و سەرەنجامەکەشی ڕاستن .بەڵام ئارگیومەنت خۆی فۆرمێکی لۆجیکییە و فۆرمەکە هەڵە و ڕاستی نییە، ئەوەی کە دەخرێتە ناو فۆرمەکەوە، دەکرێت ڕاست بێت یان هەڵە یان تێکەڵەیەک بن لە ڕاستی و هەڵە، واتە بنەمایەکی ڕاست بێت و بنەماکانیتری هەڵە، یان بنەماکانی ڕاست بن و سەرەنجامەکەی هەڵە، هتد. ئارگیومەنت گەر پێکهاتەکانی؛ بنەما و سەرەنجامەکەی ڕاست بوون، ئەوا ئارگیومەنتێکی باشە و گەر بنەمای ناڕاست و هەڵەی تیادا هەبوو، یان سەرەنجامەکەی ڕاست نەبوو، ئەوا ئارگیومەنتێکی خراپە.

ئەو ڕستانەی کە لە ڕیزبەندی ئارگیومەنتدان، پێویستە مانابەخش بن. ڕستەی مانابەخش واتە تەواوی ڕستەکە مانا ببەخشێت، نەک هەر وشەکانی بە تەنها مانابەخش بن، ئەمە لەبەر ئەوەی کە دەکرێت وشەکان بە تەنها مانابەخش بن، بەڵام کە دەخرێنە یەک ڕستەوە، ڕستەکە بێمانا بکەن. بۆ ئەوەی ئەمە زیاتر ڕوون ببێتەوە، هەندێک نموونەی سادە دەهێنمەوە.

نموونەی ڕستەیەک کە مانا نابەخشێت گەرچی وشەکانیشی بە تەنها مانا ببەخشن:
'هانا عەرەبانە جوانە گیا'

ئەمە تەنها کۆمەڵێ وشەن کە پێکەوە ڕیز کراون و دەکرێت پێی بوترێت ڕستێک لە وشە یا ڕستەیەک لە وشە، بەڵام ڕستەیەکی مانابەخش نییە؛ گەرچی وشەکانی کە پێکهاتەی ڕستەکەن، بە تەنها مانابەخشن. من و تۆ تێدەگەین: 'هانا' چی دەگەیەنێت. تێدەگەین کە 'عەرەبانە' واتە چی. تێدەگەین کە 'جوانە' چییە. تێدەگەین کە 'گیا' مانای چییە. بەڵام کەسمان لە 'هانا عەرەبانە جوانە گیا' پێکەوە وەکو ڕستەیەک تێ ناگەین، واتە ڕستەکە مانابەخش نییە.

نموونەی ڕستەیەک کە مانابەخشە:

'خاتوو هانا لە زانکۆ دەخوێنێت'.

ئەمە ڕستەیەکی مانابەخشە، چونکە جگە لەوەی لە مانای وشەکانی تێدەگەین، لە ڕستەکەش تێدەگەین ، وشەکانی ڕستەکە بە جۆرێک ڕیزبەندکراون کە پێکەوە مانای ڕستەکە دروست دەکەن و ڕستەکە مانادار دەکەن.

تا ئێرە سەبارەت بە جۆری ئەو ڕستانە بوون کە دەتوانن ئارگیومەنت پێک بهێنن. بەڵام هەروەک چۆن ڕیزبەندیی وشەکان لە ڕستەیەکدا گرنگن بۆ ئەوەی ڕستەکە مانابەخش بێت؟ ڕیزبەندیی ڕستەکان لە ئارگیومەنتدا زۆر گرنگترن بۆ ئەوەی کە دەربڕینەکە لە چەند ڕستەیەکەوە ببێت بە ئارگیومەنت. دەمەوێت ئەمیش هەر لە ڕێی هێنانەوەی نموونەی سادەوە ڕوون بکەمەوە.

نموونەی ڕیزبەندیی ڕستەکان کە مانابەخشن، بەڵام پێکەوە ئارگیومەنت نین:

ئاوی دەریا سوێرە.

خاتوو هانا ئوتومبێل لێ دەخورێت.

گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.

هەمان ڕیزبەندیی ئەو ڕستانەی سەرەوە کە ڕستەی مانابەخشن بە فۆرمە لۆجیکییەکەی:

بنەمای یەکەم: ئاوی دەریا سوێرە

بنەمای دووەم: خاتوو هانا ئوتومبیل لێ دەخوڕێت

سەرەنجام :کەواتە، گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.

ئەمە ئارگیومەنت نییە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕیزبەندیکردنە، ئەگەرچی ڕستەکانی مانابەخشن، ڕستەکانیش لە وشەی مانابەخش پێکهێنراون، بەڵام ڕستەکان پەیوەندییەکی لۆجیکییان پێکەوە نییە، کە ڕستەکان پەیوەندیی لۆجیکییان بەیەکەوە نەبوو، ناتوانن ئارگیومەنت پێک بهێنن و ئارگیومەنت نین. ئەمە لەبەرئەوەیە ئارگیومەنت بە لۆجیک پێکدەهێنرێت و پێویستە هەموو مەرجەکانی تیا بێت، نەک هەندێکی.

لە ئارگیومەنتدا؛ مەرجە ڕستەکان پەیوەندیدار بن بەیەکەوە لە پەیوەندییەکی لۆجیکیدا.

لە لۆجیکدا هەندێک ڕێگە هەن کە دەکرێت ڕستەکان لە ڕێیانەوە پەیوەندیدار بکرێن، بۆ نموونە، کاتێک دوو ڕستەی مانابەخشمان هەیە و دەمانەوێت بەیەکیانەوە ببەستینەوە و پەیوەندیداریان بکەین، یەکێک لە وشەکانی پەیوەندی بەکار دەبرێت، لێرەدا ئاماژە بە یەکێکیان دەکەم وەک نموونە:

- 'لەبەرئەوە': بەکاردەهێنرێت و بە دوو جۆر دەنووسرێت لە زمانی لۆجیکدا؛ بەم جۆرە دەنووسرێت'∵' . کاتێک مەبەستمان لەوە بێت بڵێین کە لەبەر ئەو هۆیانەیە، بەم جۆرەش دەنووسرێت'=' .

گەر بمانەوێت لە ڕێی بەکارهێنانی ئەم وشە پەیوەندییانەوە دوو ڕستە پەیوەندیدار بکەین، دەتوانین "لەبەرئەوە"یان بۆ زیاد بکەین و ببینین ئایا دەکرێت ڕستەکان پاش ئەمە پەیوەندیدار بن بە یەکترەوە و پێکەوە مانایەک ببەخشن یان نا؟

ئاوی دەریا سوێرە

<u>لەبەرئەوە</u> هانا چووە بۆ ئوسترالیا

لێرەدا چونکە بە وشـەیەکی لۆجیکیی "لەبەرئەوە "هەردوو ڕسـتەکانمان پەیوەند کردووە؛ پەیوەندیمان لە نێوان ڕستەکان دروست کرد ، دەکرێت ڕستەکان زیاتر پێکەوە مانابەخش بن. بەڵام وەک دەبینین لەم نموونەیەدا گەرچی ڕیزبەندی ئەم ڕسـتانە ئارگیومەنتە، واتە لە فۆرمی ئـارگیومەنتـدایە؛ بەڵام ئـارگیومەنتێکی بـاش نییە، چونکە پەیوەنـدیی نێوان ڕســـتەکـانی ئەم ئـارگیومەنتە بە تەواوی مەرجەکـانی پەیوەنـدییە لۆجیکییەکەی نێوان ڕستەکانی ئارگیومەنت بە جێ ناهێنێت.

بۆ ئەوەی ئەمە باشـتر ڕوون ببێتەوە، نموونەی ئارگیومەنتی باش دەهێنمەوە بە بەروارد.
نموونەی ئارگیومەنتی باش:

هانا بە ڕۆژانی هەینی خۆی جوان دەکات

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینییە

--

. ∵ (لەبەر ئەوە) هـــانـــا ئەمـــڕۆ خـــۆی جـــوان دەكـــات

یان:

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینییە

خاتوو هانا لە ڕۆژانی هەینیدا دەچێت بۆ سەیران

--

. ∴ (کەواتە) ئەمڕۆ خاتوو هانا لە سەیرانە

ئەمانە نموونەی ئارگیومەنتی باشـە، چونکە ڕسـتەکانی پەیوەندییەکی لۆجیکیان بەیەکەوە هەیە و هەروەهاش هەموو مەرجەکانی ئارگیومەنتی باشی تیادایە:

یەکەم: ڕستەکانی مانابەخشن.

دووەم: ڕستەکانی پەیوەندیدارن بەیەکەوە.

سێیەم: ڕستەکانی پەیوەندیدارن بەیەکەوە بە شێوەیەک کە پەیوەندی لۆجیکییان هەیە، ئەو ڕستەیەی کە سەرەنجامە هەڵهێنجراوی بنەماکانە. بە مانایەکی تر؛ ئەو ڕستەیەی کە سەرەنجامە لە ئارگیومەنتدا، دەبێت هەڵقوڵاوی بنەمای ئارگیومەنتەکە بێت. بنەماکان دەبێت هۆ بن بۆ گەیشتنە ئەنجام لە هەموو ئارگیومەنتێکدا.

ئەمانە سروشت و پێکهاتەی ئارگیومەنت بوون لە فەلسەفەدا، لە فۆرمە لۆجیکییەکەیدا. لەو ئارگیومەنتانەدا کە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا دەکرێن و هەروەهاش لە ئاخافتن و نووسین و دیبەیتدا پێویستە بکرێن، وەکوو پێشتر وتم، تەنها چەند ڕستەیەک نین و لە زۆر پەرەگراف و لاپەرە پێک دێت و ئارگیومەنتی دووردرێژ هەن کە کتێبێکن، بەڵام بە پەیڕەوی کردنی هەمان فۆرمی لۆجیکی دەکرێن. لەبەر ئەمەیە کە دەبێت فۆرمە لۆجیکییەکەی ئارگیومەنت بزانیت پێش هەر خوێندنەوەیەکی هەر بابەتێکی فەلسەفە، بۆ ئەوەی هەم لە ئارگیومەنتی تێکستە فەلسەفییەکە تێبگەیت و هەم بتوانیت هەڵیسەنگێنیت. 'ئارگیومەنت' تەنها فەیلەسوفەکان نایکەن و تەنها لە فەلسەفەدا ناکرێت، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەوەی کە دەریدەبڕین، چ لە ئاخافتندا بێت یان بە نووسین، بە شێوەی ئارگیومەنت باسیان دەکەین؛ بەڵام مەرج نییە هەموویان یا هەموو کات لە جۆری ئارگیومەنتی باشدا بن .گەر پاش ئەم تێگەیشتنە لەوەی ئارگیومەنت چییە و چۆن پێک دێت، بە وردی گوێ لە قسەکەرانی ناو میدیاکان یان سیاسیکارێک یان هەر لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا بگریت، دەبینیت کە زۆر جار ئەوەی قسە دەکات، بە بنەمایەک باسەکەی دەست پێ دەکات دەکرێت ڕاست بێت، بەڵام بنەمایەکی تری دەخاتە سەر کە یان دەکرێت هەڵە بێت، یان بنەماکانی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، واتە مەرج نییە بنەماکانی ڕاستیی سەرەنجام و بڕیارەکانی بسەلمێنن. بەڵام وەک بە درێژایی مێژوو هەن و ڕۆژانەش دەیانبینین، قسەکەرەکە لای خۆیەوە لەوانەیە زۆر جیدی بێت و باوەڕی تەواوی بە ئارگیومەنتەکەی خۆی هەبێت و کەلەڕەقی بکات بۆ سەپاندنی ویست و بڕیارەکانی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بە بەکارهێنانی ئارگیومەنتێکی خراپ و بنەما و سەرەنجامی ناڕاست. ڕۆژانە لەم جۆرە ئارگیومەنتە خراپانە دەبینین کە قسەکەر یان نووسەر زۆر بە جدی بەرگریی لێ دەکات و ئەمەندە باوەڕی بە بڕیار و سەرەنجامەکەی خۆی هەیە کە ئامادەیە خۆی بۆی بە کوشت بدات و خەڵکی لەسەر بکوژێت. لە خوێندنی ئەکادیمیی فەلسەفەدا هەر لەسەرەتاوە، واتە هەر لە ساڵی یەکەمی بەکالۆریۆسەوە مەرجە لە پێشدا لە لۆجیکی ئارگیومەنت تێبگەیت و لۆجیک بخوێنیت. ڕێگە بەوە نادرێت تەنها تێکستی فەلسەفی

بخوێنیتەوە و پێی ســـەرسـام بیت، بەڵکو دەبێت ئەو تێکســـتە فەلســـەفییانە بە جۆرێک بخوێنیتەوە کە ئارگیومەنتەکەیان ببینیت و بتوانیت ئارگیومەنتەکەی هەڵسەنگێنیت.

لە لۆجیکدا دوو میتۆدی ســەرەکی هەن کە پێویســتە لێرەدا زۆر بە کورتی باسـیان بکەم، لەبەر ئەوەی لە ئارگیومەنتدا بەکار دەهێنرێن، چ لە لێکۆڵینەوە زانســـتییەکاندا بێت یان لە ئارگیومەنتی فەلســـەفەدا. میتۆد و لۆجیک هەر یەکن و ئەو دوو میتۆدەش؛ 'لۆجیکی ئیندەکشن' و 'لۆجیکی دیدەکشن'ە. لەبەر ئەوەی لە ناواخنی ئەم کتێبە[1]دا لە ناوبەشی کێشە و گرفتە میتۆدییەکاندا زیاتر لەم دوو میتۆد/ لۆجییکە و لە کێشـــەکانیان ورد دەبینەوە، لێرەدا بە پێویستی نازانم بە دووروودرێژی لەسەریان بوەستم.

هەردوو لۆجیکی ئینـدەکشـــن و دیـدەکشـــن، گرنگن و ســـەرەکین لە بیرکردنەوە ئاڕاستەکراوەکانماندا کە بە مەبەستی هەڵسـەنگاندن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەیانکەین، زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەشــدا بە کار دەهێنرێن، جگە لەوەی کە لە فەلســـەفە و لە هەموو بوارە زانســـتییەکاندا هەردووکیان بە کار دەهێنرێن، بە زانســتە ســروشــتی و زانســتە مرۆڤایەتییەکانیشـــەوە. هەر یەکێک لەم دوو لۆجیکە پەســـەندکراوی یەکێک لەو دوو قوتـابخـانە مێژووییەی فەلســـەفەن کە دژبەیەکن، ئەو دوو قوتـابخـانە دژبەیەکەش: ڕاشنالیستەکان و ئەزموونگەرەکانن لە مێژووی فەلسەفەدا، لۆجیک و میتۆدی ئیندەکشن پەسەندکراوی ئەزموونەگەرەکانە، دیدەکشن پەسەندکراوی ڕاشنالیستەکانە.

دیدەکشـن: فۆرمێکی لۆجیکە، میتۆدێکی لۆجیکییە، ڕاشـنالیسـتەکان دیدەکشـنیان نەک هەر بە لاوە پەسـەند بوو، بەڵکو تەنها پشـتیان بە لۆجیکی دیدەکشـن بەسـتبوو بۆ گەیشـتن بە ڕاســتی. ڕاســتی لای ئەمان ڕاســتیی ڕەها و نەگۆڕ بوو، لە لۆجیکی دیدەکشــندا مەحاڵە بنەماکان ڕاست بن و سـەرەنجام هەڵە بێت، سـەرەنجام بە' پێویستەیی' ڕاستە. لە لۆجیکدا کە دەوترێت 'پێویســـتەیی'، یانی وەکووتر هەبوونی مەحاڵە، بەبێ ئەوە ناکرێت ببێت. کە دەڵێین کاتێک بنەماکان ڕاست بن ئەوا سـەرەنجام بە پێویسـتەیی ڕاستە؛ واتە مەسـەلەکە وەک پێناســە ڕاســتە و قابیلی چەند و چون و ڕەخنە نییە، دەبێت وەک ڕاســتی قەبوڵ بکرێت. 'ڕاسـتی' لای ڕاشـنالیسـتەکان ڕاسـتییەکی ڕەهایە و هەرگیز ناگۆڕێت و تا ئەبەد وەک ڕاســتی دەمێنێتەوە. هەرچەنـد بەڵگەی تری نوێش بێنە کـایەوە ســـەبـارەت بە ســـەرەنجامێک یان مەســـەلەیەک کە وەک ڕاســـتی لەوەپێش وەرگیراوە، ناکرێت ئەو سـەرەنجامانە هەرگیز هەڵبوەشـێتەوە و ڕەتبکرێتەوە. ئەمە لای ڕاشـیناڵسـتەکان پەسـەند

---

[1] ئەمە بەشێکە لە کتێبی(پیستیمۆلۆجی کلاسیک )

بوو، لەبەر ئەوەی بە لای ڕاشنالیستەکانەوە ڕاستی نەگۆڕ و دیدەکشن تاکە ڕێگەیەک یان لۆجیک و فۆرمێک بوو بۆ گەیشتن بەم ڕاستییە نەگۆڕە و قابیلی هەڵە نەبوو. چونکە بەپێی لۆجیکی دیدەکشن بنەماکان هەڵگر و گەیەنەری ڕاستین بە شێوەیەکی حەتمی بۆ سەرەنجام لە ئارگیومەنتدا.

ئیندەکشن: بەرامبەر بە دیدی ڕاشنالیستەکان و لۆجیکی دیدەکشن، ئیندەکشن میتۆدیکی لۆجیکییە کە پەسەندکراوی ئەزموونگەرەکانە. بە پێچەوانەی دیدی ڕاشنالیستەکانەوە، ئەزموونگەرەکان دەیانوت کە زانینەکانمان لە ئەزموونەوە وەردەگرین، سەرچاوەی زانین ئەزموونە، ڕاستیش قابیلی گۆڕانە و هیچ ڕاستییەکی ڕەها و نەگۆڕ نییە. زانین و کۆکردنەوەی زانیاری و دۆزینەوەی بەڵگە بەردەوامە و ئەم بەردەوامییەش یانی هەبوون و هاتنەکایەی بەڵگە و زانیاریی نوێ سەبارەت بەو سەرەنجام و مەسەلانەی کە لەوەپێش وەکوو ڕاستی وەرمان گرتبوون. لەبەر ئەمانە، ئەزموونگەرەکان پێیان وابوو کە لۆجیکی دیدەکشن توانای دەرخستنی ڕاستی نییە، زۆر توندە، لێکدانەوە و وەڵامی بۆ هەبوونی هەڵەکردن نییە. لە کاتێکدا دەزانین کە زۆر جار سەرەنجامەکانمان هەڵەن، بەڵام دیدەکشن هەڵەکردن قەبوڵ ناکات و جێگەی گۆڕانکاری و بەڵگەی تازە ناکاتەوە. لەبەرئەمە بوو ئەزموونگەرەکان میتۆد و لۆجیکی ئیندەکشنیان بە دروستتر دەزانی بۆ گەیشتن بە ڕاستی، دەیانوت کە لە ڕێگەی ئیندەکشنەوە بە بەڵگە دەگەینە سەرەنجامێکی گشتگیری ڕاست. ئەمە واتە ئیندەکشن میتۆدیکە کە لە چەند بینینێکەوە یان چەند بەڵگەیەکەوە یان چەند نموونەیەکەوە دەمانگەیەنێتە سەرەنجامێکی گشتی/گشتگیری. بەواتایەکی تر، لە چەند بینینێکی تاکەوە بۆ سەرەنجامێک کە گشتگیرییە، لە تایبەت و لۆکاڵەوە بۆ سەرەنجامێکی گشتی و گەردوونی.
نموونەیەکی سادەی ئیندەکشن دەهێنمەوە، کە بە ئیندەکشنی ژمارەبەستەیی ناسراوە کە لەم نموونە ئارگیومەنتەدا، دەمەوێت لۆجیکی ئیندەکشن ڕوون ببێتەوە. وای دانێ دەتەوێت لەسەر ڕەنگی قاز لێبکۆڵیتەوە. لە دەوروبەر و وڵاتی خۆتدا دەست دەکەیت بە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە قاز و دیتنەکانت تۆمار دەکەیت، پاشان سەرەنجامەکەت ڕادەگەیێنیت:

بنەمای یەکەم: قازی یەکەم بینراوە و سپییە

بنەمای دووەم: قازی دووەم بینراوە و سپییە

بنەمای سێیەم: قازی سێیەم بینراوە و سپییە

بنەمای چوارەم: قازی چوارەم بینراوە وسپییە

بنەمای پێنجەم: قازی پێنجەم بینراوە و سپییە

(دەتوانیت سەد یا هەزار یا چەند هەزارێک بەڵگەی بینراو لەسەر ڕەنگی قازەکان کۆ بکەیتەوە و یەکە یەکە بیانکەیت بە بنەما بۆ ئارگیومەنتەکە).

-سەرەنجام:

(کەواتە) هەموو قازەکان سپین = .

گەیشتن بە ئەم سەرئەنجامە لەسەر ئەساسی بنەماکانن، ئەمە یانی بنەماکان هۆن بۆ گەیشتن بە سەرەنجامەکە، سەرەنجامەکە هەڵهێنجراوی بنەماکانن. بنەماکان بریتین لە بەڵگەکان یا بینینی ژمارەیەکی زۆری قازی سپی، سەرەنجامەکەشی گشتگیرییە بۆ سەرجەم قازەکان.

گەر بە جۆرێکی تر مێتۆدەکە یان نموونەکە باس بکەم، بەم جۆرەیە:

هەموو ئەو قازانەی بینیومانن، سپین

لەبەر ئەوە، هەموو قازێک سپییە.

ئەمە واتە، لۆجیکی ئیندەکشن: لە بینینەکانەوە یان لە نموونەکانەوە دەمانگەیەنێت بۆ سەرەنجامێکی گشتگیری لەسەر ئەو نموونانەی کە بینراون.

لۆجیکی ئیندەکشن ڕێگە لەوە ناگرێت کە بنەماکان ڕاست بن و سەرەنجامەکە وەک ڕاستی وەربگیررێت، بەڵام دواتر بەڵگەی تر بدۆزرێنەوە و بەڵگە نوێکان سەرەنجامەکەی پێشوو بە هەڵە بخەنەوە. لەم نموونەیە کە هێناومەتەوە: بنەماکان هەموویان ڕاستن؛ قازی یەکەم و دووەم و هەتا سەد و هەزاریش بینراون و سپین. بەڵام سەرەنجامەکە پاش دەرکەوتنی بەڵگەی تازە بۆمان دەرکەوت کە هەڵەیە؛ چونکە هەموو قازێک سپی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دواتر بەڵگەی تری نوێ دەرکەوت کە لە شوێنی تری سەر زەوی ڕەنگی تری قاز هەیە؛ بۆ نموونە، لە ئوسترالیا قازی ڕەش هەن. لەبەر ئەوە، ناکرێت

ســەرەنجامەکە گشــتگیری بێت و ڕاســت بێت بۆ هەموو قازەکان، ئەمە ئەوەش دەردەخات
کە دەکرێت بنەماکان ڕاست بن و سەرەنجام هەڵە بێت.